ئاسایشی نیشتیمانی هەڵمەتێک جێبەجێدەکات دژبەوانەی لە مانگی ڕەمەزان نرخەکان بەرزدەکەنەوە

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە هەڵمەتێکی دژبەوانە دەستپێکردووە کە گەمە بەنرخەکان دەکەن لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا.

ئاسایشی نیشیمانی لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- کە لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا وبە پێی فەرمانی سەرۆک وەزیران مەفرەزەکانی ئاسایشی ئابووری لە دەزگاکەمان هەڵمەتی جاودێریکردنی بازاڕی دەستپێکردووە دژبەوانەی کە لەبازاڕەکاندا گەمە بەنرخەکان دەکەن.

لەبەیاننامەکەدا هاتووە کە هەڵمەتەکە سەرجەم پارێزگاکان دەگرێتەوە و تاکو ئێستاش نزیکەی 94 تەن خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستیان بەسەرداگیراوە و سەرپێچیکارانیش دراوانەتە دادگا و ڕێکاری یاسایی دژیان وەردەگیرێت.